# کوردناسیی
# ڕووسی لە چەند تێزێکی زانستیدا

نووسینی
ئامانج نازم بیجان

**یەکەم:** (کوردستانی ئێران لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە نیوەی دووەمی ١٩٣٠ و ١٩٤٠)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (ماگۆمێدخانۆڤ ڤیکتۆر ماگۆمێدوڤیچ)ە، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئۆریشێڤ. ئا.ب) نووسراوە و لە ساڵی (٢٠١٥) پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی ئێلێتس-بەناوی (ی.ئا. بونین) کراوە، لە هەمان ساڵدا گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا "کاندیداتی ناوکی بەدەستهێناوە لە پسپۆڕی مێژووی گشتی" ماوەی نوێ و هاوچەرخ.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی و چەندین تەوەرە پێکهاتووە لە دووتوێی (٢٧٥) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد و سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە کوردستانی ئێران لە سەروبەند و قۆناغی یەکەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٣٥-حوزەیرانی ١٩٤١) دا، ئەم بەشە لە چوار تەوەرە پێکدێت، توێژەر هەوڵیداوە تیشك بخاتە سەر چەند بابەتێکی گرنگی وەکو عەشیرەتە کوردییەکان و ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ سۆڤییەت و ئێران، لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد و یەکێتی سۆڤییەت و فراوانخوازی ئەڵمانیا لە کوردستانی ئێران وەکو هەڕەشەیەك بۆ بەرژەوەندییەکانی سۆڤییەت لە ناوچەکەدا.

بەشی دووەم: کوردستانی ئێران لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵانی جەنگی گەورەی نیشتیمانی و کاتی دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی لە ماوەی ساڵانی (حوزەیرانی ١٩٤١-ئایاری ١٩٤٦) دا، ئەم بەشەش لە چەند تەوەرەیەك پێکدێت، وەکو بابەتی هاتنی هێزەکانی سۆڤییەت بۆ خاکی ئێران لە ئابی (١٩٤١) و هەڵوێستی کورد و پەیوەندی کورد و سۆڤییەت لەو ماوەیەدا، وە هەروەها پرسی دژایەتیکردنی سۆڤییەت لە فرتوفێڵی ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دژبەرییەکانی سۆڤییەت و بەریتانیا لە کوردستانی ئێراندا و کشانەوەی یەکەکانی سوپای سوور لە ئێران.

بەشی سێیەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و یەکێتی سۆڤییەت (١٩٤٦-١٩٤٧)، کە دوو تەوەرەی لێدەبێیەوە، لەم بەشەدا پرسی کۆماری کوردستان و ڕۆڵی سۆڤییەت لە دامەزراندنیدا و پەیوەندی نێوان ئازەربایجان و کوردستان و خەباتی هاوبەشیان لە پێناو مافە دیموکراسی و نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوودا خراوەتەڕوو.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، ئەم تێزە یەکێکە لەو کارە زانستییە پڕبایەخانەی کەوا لە بارەی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانی ڕووسی نووسراوە، توێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەڕەنگی تێدا بەکارهێناوە بە زمانەکانی ڕووسی، ئینگلیزی، ئازەری، ئیتاڵی و ئەڵمانی. بۆ نموونە: لە بەشی ئەرشیفی بەڵگەنامەکان، (٩٣) دانەی بە زمانی ڕووسی بەکارهێناوە لەگەڵ چەندین بەڵگەنامەی فەرمی بڵاوکراودا، ئەمە جیا لە چەندین بیرەوەری و توێژینەوە و ووتار و کتێبی هەمەجۆر و کۆمەڵێك ڕۆژنامە، کە هەرهەموویان بەسەر یەکەوە (٣٠٢) سەرچاوەن.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، ئەم تێزە لە لایەن پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیاوە بە ناونیشانی: کورد هاوپەیمانی لەبیرکراوی یەکێتی سۆڤییەت، ساڵی (٢٠٢٠) لە دووتوێی (٢٣٦) لاپەڕەدا لە مۆسکۆ بە شێوەی کتێب چاپ و بڵاوکرایەوە. شیاووی باسە، ئەم کتێبە لە لایەن پرۆفیسۆری یاریدەدەر: (ڕەڤەندی-فادای ل.م)ەوە پێشەکی بۆی نووسراوە، کە یەکێکە لەو توێژەرانەی کەوا چەندین ووتار و توێژینەوەی زانستی لە بارەی مێژووی کورد بە زمانی ڕووسی بڵاوکردۆتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

**دووەم:** (بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی ساڵانی ١٩١٨-١٩٨٠، هۆکارە کارلێککەرەکان)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (ڤێدینێیێف ئیلیا نیکۆلایێفیچ) ە، پێشکەشی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیا کراوە، تێزەکە بە سەرپەرشتی دکتۆر (ڤێرتیایێف کیریلل ڤالێنتینۆڤیچ) نووسراوە، ساڵی (٢٠٢١) لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی لە مێژوودا بەدەستهێناوە لە پسپۆڕی مێژووی گشتی-ماوەی نوێ و هاوچەرخ.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام و بیبلیۆگرافیا-سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت لە دووتوێی (٢٢١) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا، کە لە چوار تەوەرە پێکدێت، توێژەر تێیدا باسی کوردیی عێراق و تورکیا دەکات لە سەرەتای سەدەی بیستەم-پرسی موسڵ و کوردستانی عێراق وەکو شوێنێکی گەرمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە نێوان هەردوو جەنگەکەدا، پاشان بابەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا خراوەتەڕوو لەگەڵ بابەتی کورد وەکو فاکتەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٢٦-١٩٤٥)-پەیمانی سەعەدئاباد.

بەشی دووەم: پێکهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەمدا، کە لە سێ تەوەرە پێکدێت، ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق بە سەرۆکایەتی موستەفا بارزانی، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) و بزووتنەوەی کوردیی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٠-١٩٨٠). پاشان توێژەر هەوڵیداوە پەیوەندی نێوان پارتە ڕامیارییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیی عێراق و تورکیا لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بخاتەڕوو لەگەڵ هۆکارە کارلێکەرەکان.

بەشی سێیەم: کورد وەکو فاکتەری پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیا، لە سێ تەوەرە پێکدێت، ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ئەم بابەتانە، وەکو سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی-پەیمانی بەغداد و تورکمانەکانی عێراق وەکو فاکتەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا (ڕووداوەکانی کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٨)دا، کۆتا تەوەرە تەرخانکراوە بۆ بابەتی کورد وەکو فاکتەری پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا لە چارەکی سێیەمی سەدەی بیستەمدا.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، توێژەر چەندین سەرچاوەی بە زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە هەر لە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئەرشیف و بیرەوەری و فیلمی دۆکۆمێنتاری هەتاوەکو توێژینەوە، بێگومان هەوڵێکی زانستی باشە لەو بارەیەوە.

**سێیەم:** (سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر بە کوردستانی عێراق لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٥-١٩٨٩)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی: (سێنینکۆڤ ئەلێکسێی ئیڤانۆڤیچ) ە، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ف.ت. یونگبلیود) نووسراوە و پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی ڤیاتکا کراوە لە شاری (کیرۆڤ)، ساڵی (٢٠٢٠) گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی بەدەستهێناوە لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی-ماوەی نوێ و هاوچەرخ.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام، ژێدەر و سەرچاوەکان و لیستی کورتکراوەکان، تێزەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (٣٠٤) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عێراق و سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی (١٩١٨-١٩٦٨)، کە لە کۆمەڵێك تەوەرە و بابەت پێکدێت، وەکو تایبەتمەندییەکانی پرسی کورد لە سیاسەتی ئەمریکا لە ماوەی جەنگەکان و ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و کوردیی عێراق لە سیاسەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)، هەروەها هەڵوێستی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد پاش ڕووخانی پادشایەتیی عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٨)، کە چەندین باسی لێدەبێتەوە وەکو ئیدارەی (د. ئایزنهاوەر)، ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و پرسی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٠) و سیاسەتی ئیدارەی (ج. کێنێدی) لەمەڕ پرسی کورد لە عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٦١-١٩٦٣)، سیاسەتی ئیدارەی (ل. جۆنسۆن) لە مەڕ پرسی کورد لە عێراقدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٣-١٩٦٨).

بەشی دووەم: پرسی کورد لە عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی (پ. نیکسۆن) و (ج. فۆرد) لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٩-١٩٧٦) دا، کە لە چەند تەوەرەیەك پێکدێت، توێژەر ئەم بەشەی تەرخان کردووە بۆ کۆمەڵێك تەوەر و بابەتی گرنگی وەکو ستراتیجییەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کورد لە عێراقدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٩-١٩٧٢)، کەمبوونەوەی جیهانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ناوچەیی، شوێن و پێگەی پرسی کورد لە عێراقدا لە سیاسەتی واشنتۆن لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٢-١٩٧٥)، لە نێوان مۆسکۆ و تاران: گۆڕینی هەڵوێستی نیکسۆن لەمەڕ پرسی کورد لە ساڵی (١٩٧٢)، سیاسەتی نیکسۆن بەرانبەر بە کورد لە ساڵی (١٩٧٣) و سێگۆشەی ئەمریکی-ئیسرائیلی-کوردیی، سێیەم: ململانێی سەربازیی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٤-١٩٧٥) و سیاسەتی واشنتۆن، تەوەرەی سێیەم: کوردیی عێراق لە سیاسەتی ئەمریکادا پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر (١٩٧٥-١٩٧٦).

بەشی سێیەم: کوردیی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی (ج. کارتەر) لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٨٠) دا، کە لەم چەند تەوەر و باسەدا پێکدێت، ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ ئەم بابەتانە، وەکو سیاسەتی ئیدارەی (ج. کارتەر) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٧-١٩٧٨) دا: ڕۆڵی فاکتەری کوردی، کاریگەری شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەمەڕ پرسی کورد لە مانگی کانوونی دووەم-تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٩) دا، پرسی کورد لە سیاسەتی ئەمریکا لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٩-١٩٨٠) دا.

بەشی چوارەم: کوردیی عێراق لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی (ڕ. ڕێیگان) لە ماوەی ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٩) دا، ئەم چەند تەوەرە و باسانەی لێدەبێتەوە، سیاسەتی ئیدارەی (ڕ. ڕێیگان) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێن و پێگەی پرسی کورد تێیدا لە چوارچێوەی شەڕی ئێران-عێراق لە ماوەی ساڵانی (١٩٨١-١٩٨٧) دا، هەڵوێستی ئەمریکا لەمەڕ پرسی جینۆسایدی کورد و شاڵاوی عێراقی بە ناوی (ئەنفال) لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٩) دا.

جێگەی باسە، ئەم تێزە یەکێکە لە هەوڵە زانستییە پڕبایەخەکان، توێژەر بە شێوەیەکی زانستی بابەتەکانی خستۆتە ڕوو و بە قووڵی چووەتە نێو پرسە گرنگەکانی تایبەت بە کوردەوە. هەرچی تایبەتە بە سەرچاوەکان، توێژەر چەندین بەڵگەنامەی ئەرشیفی لە ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیای فیدراڵ بەکارهێناوە لەگەڵ چەندین ئەرشیفی ئیلیکترۆنی بە زمانی ئینگلیزی و بەڵگەنامەی بڵاوکراوە، هاوکات سوودی لە چەنیدن بیرەوەریی، یادداشتنامە و چاوپێکەوتن بینیووە لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆژنامە و کتێب و توێژینەوەی زانستی بە زمانی ڕووسی و ئینگلیزی، تەنانەت بە زمانی عەرەبیش کتێبێکی (پ.د. عوسمان عەلی) بەکارهێناوە بە ناونیشانی: (چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد)، بێگومان چەندین تێزی دکتۆراشی بە هەردوو زمانی ڕووسی و ئینگلیزی تێدا بەکارهێناوە.

هەواڵنامەی کتێب

**چوارەم:** (چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) و ڕۆڵی لە خەباتی چەکداری کوردیی تورکیا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٣-١٩٩٩)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (س.ڤ. دێمیدێنکۆ) یە و بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (ئ.ی. خافانۆڤ) لە شاری مۆسکۆ نووسراوە، ساڵی (٢٠٠٣) پێشکەشی زانکۆی پەروەردەیی شاری مۆسکۆ کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیاتی ناووك لە بواری مێژوودا لە پسپۆڕی مێژووی گشتیدا.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام، پەراوێز و سەرچاوەکان و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرەیەك لە دووتوێی (٢١٣) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە تورکیادا لە ماوەی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، تێیدا توێژەر بارودۆخی نەتەوەی کورد لە تورکیا لە ماوەی ئەم ساڵانەدا خستۆتەڕوو لەگەڵ ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردییەکان لە سەروبەندی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان پاشان باس لە دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان و خەباتی لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکات.

بەشی دووەم: ڕێکخستنی ناوخۆیی حیزب، ئامانج، ئەرك و میتۆدەکانی خەبات، کە لەم تەوەرانە پێکدێت، وەکو ئایدۆلۆجیای خەبات، هەندێك لایەنی ناسوسیالیزمی هاوبەشی نەتەوەیی کورد و کۆڵەکەی حیزب و ڕێکخستنی ناوخۆیی حیزب.

بەشی سێیەم: چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پاش ساڵی (١٩٨٤)، گۆڕینی بنەما سەرەکییەکانی بەرنامەیان، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، لەم بەشەدا بابەتی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە چوارچێوەی دۆخی جیۆپۆلەتیکی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٤-١٩٩٨) دا خراوەتەڕوو لەگەڵ پەیوەندییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و ڕووسیادا، دوا تەوەرەش تەرخانکراوە بۆ باسی چالاکییەکانی حیزب لە ساڵی (١٩٩١)، گۆڕانکاری لە پرۆگرامی دامەزراوەکان و ستراتیجی خەباتکردن.

جێگەی باسە، توێژەر چەندین سەرچاوەی هەمەجۆری تێدا بەکارهێناوە بە هەر سێ زمانی ڕووسی، ئینگلیزی و کوردیی بە پیتی لاینی، بێگومان بۆ کاتی خۆیی و ئێستاش پڕبایەخە، ئەوە نزیکەی بیست ساڵ بەسەر ئەم تێزە تێدەپەڕێت.

**پێنجەم:** (کورد لە مێژوو و سیاسەتی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدەی نۆزدەهەم-سەرەتای سەدەی بیستەم)، تێزی دکتۆرای (پۆبێدۆنۆستسێڤا کایا ئەنژێلیکا ئۆلێگۆڤنە) یە، بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (دیاکۆڤ نیکۆلای نیکۆلاێڤیچ) نووسراوە، ساڵی (٢٠١٦) پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی سانکت پێتێربورگ کراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە مێژوودا لە پسپۆڕی مێژووی گشتیدا.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە دووتوێی (١٦٩) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: کورد لە وولاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا: قۆناغەکانی مێژووی ئیتنۆکولتووریی و کۆڵەکە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، توێژەرە تیشکی خستۆتە سەر بابەتی

پێکهاتەی خێڵەکی کۆمەڵگای کوردی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، عەشیرەتە کوردییەکان و دەسەڵات و حکومەتی ناوەندیی.

بەشی دووەم: پرسی کورد لە مێژوو و سیاسەتی ڕووسیا لە سەدەی هەژدەهەم-سەدەی نۆزدەهەم، ئەم تەوەرانەی لێپێکدێت، کورد لەو ناوچانەی کەوا هاوسنوورن لەگەڵ ڕووسیادا، پرسی زەوی سەبارەت بە دانیشتووانی کورد لە قەفقازدا، پرسی کورد: پێکهێنان و کاریگەری بەسەر سیاسەتی ڕووسیا لەناوچەکەدا.

بەشی سێیەم: کورد و ڕکابەری هێز و دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، کە لەم چەند تەوەرەیە پێکدێت، چالاکی میسیۆنەرەکان لە کوردستاندا، پێکهێنانی پرسی ئەرمەن و یەکەکانی حەمیدییە، عەبدولڕەزاق بەدرخان و هەڵوێستی ڕووسیا بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد.

شیاووی باسە، توێژەر لە ناوەڕۆکی تێزەکەیدا، هەندێك خشتەی تایبەت بە ژمارە و دانیشتوانی کورد لەو ماوەیە خستۆتەڕوو، هەرچی تایبەتە بە سەرچاوە و ژێدەرەکان، توێژینەوەکە پشتبەستووە بە چەندین سەرچاوەی هەمەجۆر بە زمانی جیاجیا، وەکو ئەرشیف و کتێب، بە زمانەکانی ڕووسی، تورکی، ئینگلیزی، کوردی و فارسی.

بێگوومان ئەم تێزە یەکێکە لە کارە زانستییە هەرە باشەکانی کە لە بارەی کوردناسییەوە نووسرابێت، کاتی خۆیی پێشنیارم کرد بۆ برادەرێکی خۆم، کە ئەم تێزە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، دیارە ڕێکنەکەوت.

جێگەی باسە، ئەنژەلێکا مامۆستایە لە زانکۆی دەوڵەتی سانکت پێتێربورگ، چەند زمانێك دەزانێت، زۆر بە ووردیی و قووڵی کار لە بارەی کوردناسییەوە دەکات، تەنانەت زمانی نووسینیشی جیاوازە. لە پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەو خاتوونە بەڕێزە، باسی لەوەکرد کە بە نیازە هەندێك دەستکاری بکات پاشان بە زمانی ڕووسی بڵاوی بکاتەوە، ئەو کات ئیتر ئاسان دەبێت و هەر کەسێك بیەوێت دەتوانێت وەریبگێڕێت.

**شەشەم:** (پرسی کورد لە کۆماری تورکیادا لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٥) دا، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی: (ئەخمێدۆڤ نێیوب ئەخمێد ئۆگلی) یە، پێشکەشی زانکۆی دەوڵەتیی تۆمسکی نیشتیمانیی بۆ توێژینەوە کراوە، تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (ێ.ف. ترۆیتسکیی) نووسراوە، ساڵی (٢٠١٤) لە شاری تۆمسك گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و توێژەر بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی بە دەستهێناوە لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی-ماوەی نوێ و هاوچەرخ.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی کورتکراوە بەکارهێنراوەکان و لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان، تێزەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت لەگەڵ چەند تەوەرەیەك لە دووتوێی (٢٥٨) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاریی کوردستانی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥)، کە سێ تەوەرەی لێدەبێتەوە، وەکو بابەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستانی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥)، تایبەتمەندییە گشتییەکانی بارودۆخی ڕامیاریی کوردستانی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥) و سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تورکیا لە پرسی کورد لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥) دا.

بەشی دووەم: خەباتی ڕامیاری لە کوردستانی تورکیا لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥)، ئەم بەشە لە دوو تەوەرە پێکدێت، کە تێیدا بابەتی ڕەوتە ڕامیارییە سەرەکییەکانی کوردستانی تورکیا، ستراتیجێتیان و

شێوازی خەباتیان لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥) دا و خەباتی ڕامیاری و چەکداریی پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ك.ك) لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٥) خراوەتەڕوو.

شیاووی باسکردنە، توێژەر لە ناوەڕۆکی تێزەکەیدا، چەند ئاماری بە شێوەی خشتە بڵاو کردۆتەوە لە بارەی تورکیاوە، هەرچی تایبەتیشە بە کورد، لە لاپەڕە (٣٦)-(٣٧) چەند خشتەیەکی لەمەڕ دانیشتوان و ژمارەی کوردستانی تورکیا بڵاوکردۆتەوە.

توێژەر لەم هەوڵە زانستییەیدا پیشتی بە چەندین سەرچاوەی هەمەجۆر بەستووە، بە دەیان و سەدان سەرچاوەی بە زمانەکانی ڕووسی، ئینگلیزی و تورکی تێدا بەکارهێناوە، بێگوومان ئەم کارەی توێژەر، دەچێتە چوارچێوەی ئەو کارانەی کە شوێن و جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە لە بواری کوردناسیدا، بۆیە دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی پڕبایەخ تەماشابکرێت.

**حەوتەم:** (پرسی کورد لە سیاسەتی تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی و سیاسەتی کوردیی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٤)، تێزی دکتۆرای-کاندیداتی ناووکی (ئاباك تیبێر) ە ساڵی (٢٠١٧) پێشکەشی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی کردووە سەر بە ئەکادیمیای زانستی ڕووسیا، تێزەکە بە سەرپەرشتی دکتۆر (ڤێرتیایێف کیریلّ ڤالێنتینۆڤیچ) نووسراوە، هەر لە هەمان ساڵدا لە مۆسکۆ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە و بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی بەدەستهێناوە لە بواری مێژوو لە پسپۆڕی مێژووی گشتی-ماوەی نوێ و هاوچەرخ.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام، لیستی ژێدەر و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پاشکۆ، تێزەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە لە دووتوێی (٢٣٧) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی پرسی کورد لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، توێژەر هەوڵیداوە سەرەتا بارودۆخی کارگێڕی کوردیی دەوروبەری شارەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بخاتەڕوو لەگەڵ باسی گواستنەوەی سیاسەتی مەرکەزیی لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، دواتر باس لە بەهێزیی و کاریگەری شێخەکان دەکات لە نێو کورددا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزهەمدا لەگەڵ دامەزراندنی یەکەکانی حەمیدیە و توندبوونەوەی دژایەتی کورد و ئەرمەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا.

بەشی دووەم: پرسی کورد لە سیاسەتی تورکە لاوەکان لە ماوەی گەڕاندنەوەی ڕژێمی دەستووری لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٨-١٩١١)، کە ئەم بابەتانەی باسکردووە، ئامانجە ڕامیارییەکانی ڕژێمی تورکە لاوەکان، هاوکاری لیژنەی تورکە لاوەکان لەگەڵ ڕێکخراوی (داشناکتسیوتیون) ی ئەرمەنیدا و هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد لە ڕژێمی نوێدا، هەوڵی حوسێن پاشا حەیدەرانلی بۆ بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ڕووسیی و گۆڕینی سیاسەتی تورکە لاوەکان بەرانبەر بە کورد لە ساڵی (١٩١١).

بەشی سێیەم: سیاسەتی ڕووسیا بەرانبەر بە کوردیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی پاش شۆڕشی تورکە لاوەکان، سەرەتا باس لە هەڵوێستی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا لە ئاسیای بچووك دەکات، دواتر بابەتی بایەخدانی ڕووسیا بە عەشیرەتە کوردییەکان و پەرەسەندنی ئاراستەی لایەنگریی ڕووسیا لە نێو سەرکردەی عەشیرەتەکانی کورددا و پاشان عەبدولڕەزاق بەدرخان: چالاکییەکانی ئەو سەرکردە کوردانەی کەوا لایەنگریی ڕووسیا بوون دەخاتەڕوو.

بەشی چوارەم: تەرخانکراوە بۆ گۆڕانکاری لە سیاسەتی نەتەوەیی تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، کە چوار تەوەرەی لێدەبێتەوە، ئەویش بریتییە لە بابەتەکانی پەرەسەندنی ئایدۆلۆجیای تورکە لاوەکان لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا: لە عوسمانیزمەوە بۆ کەمالیزم، گەڕانەوەی تورکە لاوەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورد بۆ سیاسەتی ڕژێمی عەبدولحەمید لە ماوەی سالآنی (١٩١١-١٩١٤)، پەیوەندییەکانی ڕووسیا و عوسمانی لە چوارچێوەی پرسی کورد لە باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا، ڕاپەڕینی بەدلیس لە ساڵی (١٩١٤).

بێ دوو دڵی، ئەم تێزە یەکێکە لە کارە زانستییەکان لەو بارەیەوە، کە دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستیی و قووڵ و وورد تێیبڕوانین، توێژەر بە دەیان و سەدان سەرچاوەی هەمەجۆری بە زمانەکانی، ڕووسی، ئینگلیزی و تورکی بەکارهێناوە، سەرچاوەکانیش جیاوازن وەکو ئەرشیف و کتێب و هیتر، بۆ نموونە: لە بابەتی ئەرشیفدا، ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا و ئەرشیفی مێژوویی-سەربازیی دەوڵەتی ڕووسی بەکارهێناوە بە زمانی ڕووسی، هەروەها ئەرشیفی عوسمانیشی بەکارهێناوە. لە بەشی پاشکۆشدا، چەند بەڵگەنامەیەکی بە زمانی ڕووسی بڵاوکردتەوە، کە هەرهەموویان بەسەر یەکەوە (١١) یازدە لاپەڕە دەبێت.

**هەشتەم:** (پرسی کورد لە ململانێی ڕامیاریی لە سوریادا پاش ساڵی ٢٠١١)، تێزی دکتۆرا-کاندیداتی ناووکی (مازور ئۆلگا ئەناتۆلێڤنا) یە، پێشکەشی بەشی زانستی ڕامیاری ڕۆژهەڵات، پەیمانگای وولاتانی ئاسیا و ئەفریقا کراوە ، لە زانکۆی دەوڵەتی مۆسکۆ بەناوی (م.ف. لۆمۆنۆسۆڤ)ەوە، تێزەکە بە سەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر (ڤاسێتسبۆڤا ئێلێنا سێرگێێڤنا) نووسراوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا-کاندیداتی ناووك لە بواری زانستی ڕامیاری لە پسپۆڕیی کێشە ڕامیارییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گەشەپێدانی جیهانی و ناوچەیی، ساڵی (٢٠١٦) لە شاری مۆسکۆ گفتوگۆی لە بارەوە کراوە.

جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان، تێزەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە لەگەڵ چەند تەوەرەیەکدا لە دووتوێی (٢٠٦) لاپەڕەدا.

بەشی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ باسی بنەمای تیۆریی و میتۆدلۆجی و مێژوویەکانی توێژینەوە، ئەم باسانەی لێدەبێتەوە وەکو میتۆدلۆجی چەمکی ململانێی ڕامیاری، پۆلێنکردنی ململانێ ڕامیارییەکان، دروستبوون و ڕێگای مێژوویی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا، کرۆك و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕامیاری کورد.

بەشی دووەم: تەرخانکراوە بۆ باسی ململانێی ڕامیاری لە سوریادا، کە چوار تەوەرەی لێدەبێتەوە وەکو تایبەتمەندیی سیستەمی ڕامیاری سوریا، هۆکارەکانی قەیرانی سوریا، کرۆنۆلۆجیای ململانێی نێودەوڵەتی سوریا، هەوڵی یەکلاکەرەوەی قەیرانی سوریا.

بەشی سێیەم: باس لە دینامیکی پرسی کورد دەکات لە ململانێی ڕامیاری لە سوریادا، ئەم بابەتانەی تێدا خراوەتەڕوو وەکو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پرسی کورد لە سوریادا، تایبەتمەندیی بزووتنەوەی ڕامیاری کورد لە سوریادا لە قۆناغی ئێستا (هاوچەرخ) دا، کۆتا بابەتیش تەرخانکراوە بۆ ئاسۆکانی یەکلاکردنەوەی پرسی کورد لە سوریادا.

شیاووی باسە، توێژەر هەوڵێکی زانستی باشی داوە بۆ خستنەڕووی پرسی کورد لە سوریادا لە پاش ساڵی (٢٠١١)، لە ڕوانگە و دیدی ڕامیارییەوە پرس و باسەکانی شیکردۆتەوە، بە دەیان سەرچاوەی جیاجیای

بە زمانەکانی، ڕووسی، ئینگلیزی و عەرەبی تێدا بەکارهێناوە، کە هەرهەموویان بەسەر یەکەوە (٢٠٨) سەرچاوەیە.

سەرچاوەکان

بة زمانی رِووسی:


1. Демиденко.С.В.Деятельность Рабочей партии Курдистана (РПК) и ее роль в вооруженной борьбе турецких курдов (1973-1999 гг.)  Москва, 2003. 213 с.
2. Победоносцева кая Анжелика Олеговна. Курды в истории и политике России на ближнем востоке в XIX – начале XX вв. Санкт-Петербург. 2016. 169 с.
3. Магомедханов Виктор Магомдович. Иранский Курдистан в политике СССР во второй половине 1930-1940х гг.Елец. 2015. 275 с.
4. Абак Тибет. Курдский вопрос а политике младотурок в преддверии первой мировой войны и курдская политика российской империи (1908–1914 гг.), Москва. 2017. 237 с..
5. Веденеев Илья Николаевич. Курдское национальное движение Ирака и турции в 1918-1980 гг. факторы взаимовлияния, Москва., 2021.221 с.
6. Мазур Ольга Анатольевна. Курдскийй вопрос в политическом конфликте в Сирии (после 2011 года), Москва., 2016. 206 с.
7. Сенников Алексей Иванович. Политика США в отношении Иракского курдистана в 1945-1989 гг. Киров., 2020. 304 с.
8. Ахмедов Теюб Ахмед оглы. Курдский вопрос в Турецкой республике (1990–2005 гг.), Томск., 2014. 258 с.
9. Магомедханов В.М. Курды забытые союзники СССР, М., 2020. 236 с